کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-7-2007 21:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەمەوێت تێبگەم، ئاو لە ئاشی کێ دەکەیت... ؟ سەرنجە وەڵامێک بۆ ڕێبین هەردی ... هادی مەهدی

زۆرم پێ سەیربوو کە برای بەڕێزم کاک ڕێبین هەردی کە هەمیشە وەك ڕۆشنبیرێکی پێشەنگ دەمناسی بەوجۆرە بکەوێتە نووسین کە پڕاوپڕبێت لە جنێو و سوکایەتی پێکردن کە تەنها لە زمانی نووسەر و ڕۆشنبیر ناچێت، ئەمە گوایە وەڵامە بۆ وتارێکی من کە وەك سەرنج لەسەر قسەکانی بەڕێزی نووسیبووم، کاتێك لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا پرسیاریان دەربارەی داخستنی زنجیرەدرامای (ئاریا) لێکرابوو!. من وەك کاک ڕێبین دەمارگرژنابم و زۆر هێمنانە ئەم چەند سەرەنجەی تری پێشکەش دەکەم.



کاک ڕێبین من بە ئیفلاس و هاوکاتیش بە بازرگانیکار بە هونەری کوردی ناودەبات!، ناکرێت کەسێك ئیفلاس بێت و بازرگانیش بکات، کەسێك ئەگەر دەستمایە و بگرە سەرمایەشی نەبێت ناتوانێت بازرگانی بکات، من بۆ خۆم خاوەنی دەستمایەی هونەری خۆمم و ئەوە هونەرمەندان و جەماوەریشە کە دەتوانن بڕیاری ئەوە بدەن تا چەند سەرمایەدارم لە توانا و بەرهەمهێنانی هونەریدا، پێموایە کاک ڕێبین لەم هەڵسەنگاندنەیدا کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە چونکە دڵنیام ئەو هونەرمەند نییە و ئەوەندەش لە هونەر نازانێت تا بڕیار لەسەر توانای هونەری من بدات، من وەك ڕۆشنبیرێك ڕێزی لێدەگرم بەڵام وەك هەڵسەنگێنەر و ڕەخنەگرێکی هونەری نەمناسیوە و مافی خۆمە لەم لایەنەوە ئەسڵەن گوێی لێنەگرم و وەڵامیشی نەدەمەوە.

کاک ڕێبین تاوانبارم دەکات بەوەی من بۆ ڕازیکردنی دڵی (دەسەڵات) قسە دەکەم و (هەرا) م ناوەتەوە، ئەمە بێویژدانییەکی گەورەیە چونکە من بە دەستلەکارکێشانەوەم لە کەناڵی کوردسات سەلماندوومە کەمن بەرژەوەندیم لەگەڵ دەسەڵاتدا نایەتەوە، ئیتر نازانم بەم کارەم کوا ختوکەدانی دەسەڵاتدارانی تێدایە!؟.

ئەو بەوە قاڵس بووە کەمن پێم وتووە (مرتزقە) ، بەڵام برادەرینە وەرن سەیری ئەم حاڵەی کاک ڕێبین بکەن و بتوانن وشەیەکی تر لە بری ئەم وشەیەی منی بۆ بدۆزنەوە، کاک ڕێبین پرسیاری لێکراوە کە تۆ چۆن دەڕوانیتە ڕاگرتنی درامای (ئاریا) لە کوردسات، یەکسەر بەبێ هیچ بۆنەیەك کەوتۆتە بەرگریکردن لە یەکگرتووی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی و ئەسڵەن بەلای وەڵامی ئەو پرسیارەی لێیکراوە ناچێت! من ئەوەم لادروستبووە کە کاک ڕێبین وەك ئەوەی وتەبێژی ئەو لایەنانەبێت هاتوە و بێ هیچ بۆنەیەك بەناوی ئەوانەوە قسە دەکات، بەمەش ناوبراو وەك ڕۆشنبیرێك بێ لایەنی لەدەستداوە و سەنگەرێکی تری ئاوەدانکردەوە.

من دەمەوێت ئەوە بە کاک ڕێبین بڵێم کە ئەو لە کوێی گەمە سیاسییەکاندایە بەرەی ئیسلامی یان بەرەی دیموکراتخواز و عەلمانییەت و ئازادیخواز؟، کوا ئەو ڕێبین هەردییەی لە ساڵانی ڕابردوودا ئێمەی فێری شەڕی دژ بە بەرە و هێزی دژە دیموکرات و ئازادییەکان دەکرد؟ بۆچی ئێستا لەسەنگەرێکدا قسە دەکات کە ئەوانەی لەسەر دەستی نموونەکانی ئەو ئێستا شەڕی پاشکەوتووەکان و ئیسلامی سیاسی دەکەن بە بازرگانیکەریان ناودەبات بەشەڕی دژە ئیسلامی سیاسی؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چۆنە وا کاك ڕێبین گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی ئیسلامی سیاسی ئەوەندە دیموکراتبن کە ئازادی پارێزبن و لەسەر درامایەکی وەك (ئاریا) بەرگری لەمن بکەن یان لانی کەم بێ لایەن بووەستن و دەستیان لە پشت ئەو مەلایانەوە نەبووبێت کە هەڕەشەیان لە من و ستافی ئاریا و کەناڵی کوردسات کرد!؟

فسفس پاڵەوان کە کاك ڕێبین وەك ئاوەڵناوێك بۆ منی هەڵبژاردووە ناکەوێتە خانەی ڕەخنەی زانستییەوە و بێ ئاگا لە ڕووداوەکان هاتووە و ئەڵێت هادی مەهدی ناوێرێت بڵێت کە کێن ئەوانەی بە فیعلی دراماکەیان ڕاگرتووە.

ئەمە زۆر سەیرە بۆ ڕۆشنبیرێکی وەك کاك ڕێبین کە خۆی وانیشان ئەدات ورد دەنووسێت، نەزانێت کە من لەو دەیان چاوپێکەوتنانەی کردومن لەگەڵ کەناڵەکانی ناوخۆ و دەرەوە زۆر بێباکانە و بە ئاشکرا ڕامگەیاندووە کە پاش فشاری مەلاکان، بەڕێوەبەرانی کوردسات و م. س یەکێتی دراماکەیان ڕاگرتووە! بەڵام دیسان سەیرم لەوەدێت کە بۆچی لەو پەڕەگرافەشیدا دیسان کەوتۆتەوە بەرگری و پیاهەڵدان بەسەر م. عەلی باپیر و م. سەلاحەدین بەهائەدەین!؟ چە پەیوەندییەکی بەوانەوە هەبووە و من کوا ئەسڵەن ناوی ئەو دوو بەڕێزەم هێناوە تا ئەو دیسان بەبێ بۆنە بکەوێتە بەرگریکردن لێیان!؟.

کاك ڕێبین پێم دەڵێت ڕووداوەکانی ئەو درامایە تەواونین و هادی قسەکانی ئاسایش لەسەر ئیسلامییەکان دێنێت و لە دراماکەدا دەیانکاتەوە! لە ڕاستیدا من نازانم ئەم بۆچوونەی کاك ڕێبین تا چەند ڕاستن بەڵام هەموو ئەو شتانەی لەسەر (القاعده) لە دراماکەدا هاتوون لەو بەڵگانەوە وەرمگرتوون کە لای ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ هەن، ئەم پشتپێبەستنەش کارێکی ڕەوایە، نەمزانی کاك ڕێبین زانیاری وردتر و ڕاستری دەربارەی ئەوان لە لایە ئەگینا لەویشم وەردەگرت، من گەر بمەوێت ئاماری لەدایکبووانی شاری سلێمانی بزانم ڕوودەکەمە فەرمانگەی تەندروستی، ئاماری ڕووداوەکانی هاتوچۆش لەلای بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ پەیدا دەکەم، کەواتە زۆریش ئاساییە بۆ دەستکەوتنی زانیارییە ڕامیاری و ئەمنییەکانیش لە ئاسایش بسەنم و ئەوانیش لایەنی دانپێدانراوی ڕەسمی حکومەتن و مایە متمانەیەکی گەورەترن لە کەسانی تر.

من ئێستاش ڕێز لە هەر ڕەخنە و بۆچونێك دەگرم کە دەربارەی ئاریا لە ئارادابن، بەڵام هەموو ئەو قسە و جنێوانە وەڵام نادەمەوە کە دەیەوێت بە ناوی (ئاریا) وە پەلاماری کەسایەتیم بدات، من خۆمم نمایش نەکردووە بەڵکو من درامایەکم خستۆتە ڕوو کە بۆتە مایە مشتومڕ و وەرن با قسە لەم ڕووەوە بکەین نەك لە لایەنێکی ترەوە.

لە کۆتایدا وێڕای دووپاتکردنەوەی ڕێزم بۆ کاك ڕێبین هەردی ئەمەوێت دڵنیای بکەم لەوەی کە ئەو ئێستا وەك ڕۆشنبیرە بوێر و ڕەخنەگرە جدییەکەی جاران ناناسرێت و ئەمەش زیاتر لەوەدا بەدیار دەکەوێت کە تەنها ڕاگەیاندنی ئیسلامییەکان گرنگی پێدەدەن و ئەویش هەر کەیفی بەوان دێت و خولی بەهێزکردنی دیموکراتیش هەر بۆ ئەندامەکانی ئەوان دەکاتەوە، من نەمویست وەڵامت بدەمەوە بەڵام ویستم پێی بگەیەنم کە ڕێبینی ڕۆشنبیر و نووسەر گۆڕاوە و کەوتۆتە نووسینی جنێو و وشەی بریندارکار و لە عەلمانییەکی زانستییەوە گۆڕاوە بۆ بەرگریکار لە (دیموکراسخوازانی ئیسلامی سیاسی) کە ئەمیرەکانیان دەڵێن: (ئەوەندە دیموکراسیمان لە کوردستان دەوێت تا دیموکراسییەتی پی لەناو بەرین) .. ئاریاش ئەوەندە گەورەیە کە ئاساییە لە پێناویدا بەرگەی ئەم قسانەی کاك ڕێبین و دەیان پەلاماری تریش بگرم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.